یاسادانەرانی یۆنان شکستیان هێنا لە هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ لە یەکەم خولی دەنگداندا

یاسادانەرانی یۆنان شکستیان هێنا لە هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ لە یەکەم خولی دەنگداندا کە ئەمە شەممە بەڕێوەچوو.

لە هەڵبژاردنەکە کاندیدێک کە لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە پاڵپشتی کرابوو پێویستی بە زۆرینەی 200 دەنگ بوو لە کەی 300 کورسی پەرلەمان بە وەرگرتنی ئەو پۆستە و بەیارە دەنگدانی گەیی دووەم لە 31ـی کانوونی دووەمی ئەم مانگە ئەنجامبدرێت، بەڵام پێشبینی دەکرێت هەڵبژاردنی گەیی دووەمی سەرۆکی وڵات یەکلایی نەکرێتەوە.

شایەنی ئاماژەیە، زۆرینەی پێویست بە هەڵبژاردنی سەرۆک لە یۆنان دوای دوو خول بە 180 دەنگ و پاشان بە 151 دەنگ کەم دەکرێتەوە.